www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:03 14-2-2007

# ئەتاتورک و سەدام: پێغەمبەرانی ڕاستەقینە! ... جیهانگیر غەفاری

سنە-
Agrin1975@yahoo. com

«کەسێک لە ڕووی نائاگاهییەوە کارێکی خراپ دەکات، نەزانە، کەسێک ئاگاهانە کارێکی خراپ دەکات خیانەتکارە»
-بێرتۆلێت برشت-
«ئەمن هەرگیز لە بێگانە نانالّم»
مەولانا
«دارێ پوازی لە خۆی نەبێ قەد ناقلّیشێ»

ئاماژە:
ئەگەر ڕەخنە نەبێ دیاردە ناشیرن و قیزەونەکان بە شێوەیەک کۆمێدیکیان تراژدیک دووپات دەبنەوە. ئەگەر ڕەخنە نەبێ هەڵەستراتیژیک و مێژوویەکان پیرۆز دەبن و دەبن بە هێڵی سور. ئەگەر ڕەخنە نەبێ تاریکخانەکانی پیاهەڵگوتن و ستایش دەبن بە ئائینی جەماوەر. ئەگەر ڕەخنە نەبێ ژیان کراسی مەرگ لە بەردەکات. لە نەبوونی ڕەخنەدا نەک هەر مرۆڤ بەڵکۆ خوا، ژیان و کەرامەت مانەیەکتر پەیدا دەکەن. لە نەبوونی ڕەخنەدا توتالیتاریزم پیرۆز دەبێ و سوژدە بۆ دیکتاتۆر بە سوژدە بۆ مرۆڤ و ئازادی وەسف دەکرێ. ڕەخنە رازی مانەوەیە. ڕەخنە کلیلی ژیانی تازە و چلچرای شەوشێوێن و ڕۆژ بەخشە. ڕەخنە ئاوێنەیە. ڕەخنە بەشێک لە ژیانی مرۆڤی مۆدێرنە. نەبوونی ڕەخنەی بوونیادنەر و جیدی هۆکاری سەرەکی ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤی کوردە. ڕەخنە زەرورەتێکی مەعریفی قۆناغی پەرینەوەیە ڕەخنە هەموو کەس و هەموو شتو هەموو چەمک و دیاردەیەک. ڕەخنەی بێڕوحمانە. بەداخەوە لە غیابی ڕەخنەدا. تورە بوون، پەلامار تۆمەت، خود بە T. N. T ئەسپاردن. یاخی بوونی جاهیلانە، سەرکەشی گوندییانە سەرهەڵ ئەدات. قاچاخچی وریاکار دەبن بە شۆڕشگێڕ. شۆڕشگێڕ پەرت و پەست دەکرێ. لە غیابی ڕەخنەدا دەنگەکان دەچنە ناو تارمایی و غوباری غوربەتیان پێوە دەبێنرێ و ڕەنگەکان لە مرۆڤ و ژیان و ئازادی بەرزتر و بە نرختر دەبن. لە نەبوونی ڕەخنەدا عەقڵیەتی ئیستبدادی کە لەگایی دەکات و نارەزایەتی بەرامبەر سەرکردایەتی لایەنەکان پشت کردنە لە نیشتمان و گەل‌و شۆرش و ڕاپەرین. ڕەخنە چییە؟ ئایا ڕەخنە بێحورمەتیکردن و سوکایەتی پێکردن و پە لامار دانە؟ ئایا ڕەخنە تۆمەتبار کردنی نەتەوە یەکە؟ ئایا ڕەخنە ئاراستەکەی ئاڵۆزیەیان رون کردنەوەو ئاسۆپیشاندان؟ ئایا ڕەخنە بۆ روخاندنە یان بۆ بونیادنان و هومید و گوڕوتین بەخشین لەگەڵ؟ ئایا ڕەخنە پشتکردن لە ئەدەب و ئەخلاق و ڕەواجدانی بێئەخلاقییە؟
***

کاک عبدالرحمان وحید دربندی لە نووسنێکدا بە ناونیشانی «جبهە متحد کرد و توهم ڕەهبەری» لە ژمارەی 45ی ڕۆژنامەی پیام کوردستان مەیلی ناو بانگ دەرکردنی چرۆی دەرکردووەو «مەلای خەتێ» و سەرجەم دوژمنانی کوردستان و کوردی ڕووسپی کردووە! ئەم «برادر»ە لەبەشێکی شونامەکەیدا گەلی کوردستان عێراقی بە بێشەرم و ڕێبەرانی کوردی بە »پێغەمبەرانی درۆیین» تۆمەتبار کردووە.
***

تەمەنی دوڵەت لە ئێران زیاتر لە بیست و پێنج سەدەیە، ئێرانیش خاوەن یەک لە کەلتور و شارستانیەتە دەوڵەمەندەکانی جیهانە ئایا لە ناو ئەم گەلەدا بێ ئەخلاق و. . . نابینرێ؟ ئایا سیستمی ئیداری کۆماری ئیسلامی دوورە لە گەندەڵی؟ ڕاستە لە حکومەتی کوردستاندا گەندەڵی هەیە وەکچۆن ڕاست ترە هەموو تەمەنی داگیر کراوی کوردستان بەقەد ئەم چەندساڵە ئاوەدانی بە خۆییەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلّاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەبینیوە؟ ڕاستە کۆنە بەعسیو کۆنە ئەنفالچی و کۆنە جاشی مل ئەستوری واش هەیە حکومەتی کوردستان ڕێزی دەگرێ. بەڵام ڕاست تریشە کوردستان نایەوێ سیناریۆی سەدامەکان دووپات بکاتەوە و گۆمی خۆین وەدی بێنێ. کاتێ کوردستان ئازاد دەبێ نیو ملیۆن مرۆڤی کورد خاوەن کارنامەی ڕەش و وەفاداری بە بەعسن! ئایا حکومەت دەبێ ئەم پانسەد هەزار کوردە لە سێدارە بدات؟!

با شوری کوردستان کاتێ ئازاد دەبێ کە لە شوناس و هەویەتی کوردی دەهۆل و زۆرنا و جلی کوردی و دیسکۆرسێکی نیوە عەرەبێ ماوە! گەلێک ئازادی دەبینێ کەمێژوویەک خوێناوی لە پشتە و نەیارانی بە هەموو شێوەیەکی «نەرم ئامێری »و «ڕەق ئامێری» بە جۆرێک سیستماتێک لەرەهەندی جنیۆساید کەلتوورساید و ئاکار سایدەوە هەوڵی گۆڕینی خۆی و نیشتمانیان داوە. چەک و قامچی و بوتڵ و مێدیاکان هەموویان ئامرازی عەقڵییەتی شۆڤینی بەعسن. هەموویان بیرلە ئافراندنی عەرەبێک دەکەنەوە بە کوردی بدوێ. عەرەبێک چەپی هەڵپەڕێ و سڵاو بۆ سەردار بنێرێ عەرەبێک لە نیشتمانی کورد! هەمان گەل هەڵەبجە و ئەنفال دەبینێ ماڵو ێرانی و مەرگ دەبینێ. بە دەیان جار ئاوارەدەکرێ و شەوپەرستان خانووی بە سەردادەروخێنن. بۆیە ئەگەر لەوەها کۆمەڵگایەکدا ئەگەر کەمێنەیەکی زۆر بچووک چ لەناو جە ماوەر و چ لە ناو حیزب و دەسەڵاتدا کردارێکی نارەوایان کرد، ئەوە شەرعیەتی پەلاماردان و روخاندن و بێحورمەتیکردن بە نەتەوە و کۆمەڵگایەک بە کەس نادات! نێزیکەی 2 ساڵ لەهەولێری پایتەخت ژیاوم زۆرکەس و زۆر شوێنم بینیوە. قەیرانی سوتەمەنی و. . . بینیوە.

بەڵام لەزەتی نەبوونی پیاوانی جەلادو دڕندەی بەعیشم بە ژیانی ئەو خەڵکەوە بینیوە. یەک بە یەکی ئەوانەی چ لە سەرکردایەکی حیزبەکان و چ لە وەزیران و چ لە ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکاندا بینیون، وەفادارییەک بەرامبەر بە گەلی کوردی ئێرانم تێدا بە دیکردوون. ئەگەر یەک لەهەزاری ئەو گەلە بێزوو بە بەعسەوە دەکەن. خۆ 999 لە هەزاری شانازی بە ئاڵای کوردستان و ئازادیەوە دەکەن. بە جورئەتەوە دەڵێم ئەوەی بە سەر کوردی عێراقدا هاتووە بەسەر ئێمەدا هاتبا زۆربەمان دەبووین بە فارس و تورک. پشتمان لە هەموو بەهایەک دەکرد. لە بیرمە چەند ساڵ لەمەوبەر دوو سێ ڕۆژ سنە بێگاز بوو، خەڵک جنێویان بە پێشمەرگە ئەدا! ئێستاش کە هێرەڵماسی و نەوت گران دەبێ کەم نین ئەوانەی جنێو بە دەسەڵاتی کوردی ئەدەن! کەم نین ئەو دایک و بابانەی لە باشور بە چوار- پێنج منداڵیان بە خەبات بەخشیووە. تۆ بڵێی گەلێکی وەها فیداکار سەرباری نیو ملیۆن جاشی سەردەمی بەعس شیاوی ئەو تۆمەتانەبن کاکی دەربەندی! با ئاماژە بە چەند تابلۆیەکی کوردستانی ئەمدیوو بکەم 1- تۆ بڵێی ئەو تلیاک فرۆش و هێرۆیین فرۆش و بێ ئەخلاقانەی کوردستان لە ئەفغانستانەوە هاتبێتن؟! 2- تۆ بڵێی هەربرا «کۆمۆنیستەکانی» خۆمان نەبووبێتن کە بوون بە دەروێشی مەنسور حیکمەت و شەڕی چەکدارانەیان بە سەر ئێمە دا سەپاند؟! 3- تۆ بڵێی ئەوانەی ئاشتی خوازی و عەقڵانیەتی دوکتۆر قاسملویان دایە بەر تەماتە و مەرگ بەر سازشکار و تەنانەت پیڵاوەکانیشیان دزی، کوردی ئێران نە بووبێتن؟! 4- تۆ بڵێی ئەوانەی ئەمڕۆ لە چوار چرای مەهاباد دا تلیاک دەفرۆشن خەڵکی ئەفریقا نەبن؟ 5- تۆ بڵێی ئەوانەی ئاو لە باتی نەوتوگە چ لەباتی ئارد و هێرەڵماسی لە باتی ڕۆن بە کوردی ئەودیوو دەفرۆشن خەڵکی ئۆسترالیا نەبن؟ بەڵام ئایا هەموو ئەم ڕاستیە نالەبارانە ڕێگای پەلاماردن و بێحورمەتیکردن بە کوردی ئێران بە کەس ئەدات؟ هەرگیز. چونکە کەمینەیەک ئەو کارانەی کردووە یان دەیکات نەک میلەتێک.

***

لە باشوری کوردستان ساڵەها ئازادی و گومان. ئازادی و ئەگەری گەڕانەوەی بەعس. ئازادی ومەترسی تیرۆریستان. ئازادی و ترسی بە فیڕۆ چوونی خەبات و ئازادی و مەرگ دەستەوەیەخە بوون. کاتێ ئەمریکا وهاوپەیمانان ڕژێمی فاشیستی بەعس دەروخێنن، ئازادی و پەرەپێدان. ئازادی و بوژانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئازادی و ئاوەدانکردنەوە. ئازادی و دیپلۆماسی. ئازادی و حەزی سەربەخۆیی. ئازادی و پاراستنی دەسکەوتەکان دەبن بە هاونشین. شەپۆلێک نوێ سەرهەڵ ئەدات. شەپۆلێک دژی عەقڵییەتی بەعس. دژی گەندەڵی دژی گومان. دژی ناپاکی و ریا. دژی خسڵەتە ناشیرینەکان. دژی بێ خلاقی. شەپۆلێک دژی مافیا، دژی خیانەت. دژی براکوژی. دژی لێکترازان. فشاری ئەم شەپۆلە پارتی و یەکێتی بەرەو پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەبات و کاک مسعود بارزانی بە شێوەیەک دێموکراتی لە ڕێگای پەرلەمانەوە - وەک نوێنەری ئیرادەی گەل- وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدە بژێردرێ. سەرەتایەک نوێ دەنوسرێتەوە. حێزبایەتی بە شێوەی جاران لە مۆد دەکەوێ ونەتەوایەتی وکوردایەتی جێی دەگرێتەوە. رەخنەی جیدی بیروڕای گشتی دروست دەکات. میدیای حیزبیش ناچار دەبێ نێزیک لە رەخنە بژیت. سەرۆک بارزانی لەیەکەم رۆژانی هەڵبژاردنی بۆ ئەم پۆستە بە رەفتارو هەڵوێستەکانی پیشان ئەدات سەرۆکی کوردستان و باڵۆیزی راستگۆی دیموکراسی و نیشتمان پەروەرییە. «من پێشمەرگەی کوردستانم» ئەمە یەکەم قسەی بارزانییە لە پەرلماندا. میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان بە ناو بڕیاری دادگە و پیلانە مافیاییەکاندا گوزەر ناکات. کاک مسعود کە خۆی بە مەهابادی دەزانێ و لە دووی رێبەندانی 1946دا - مەهاباد- دیدەی بەقازی و ئاڵا شاد دەبێ، بوێرانە داکۆکی لەمافی کورد لە دیکە پارچەکان دەکات، نەک هەر لە کوردستان بەڵکە لە ئەمریکا و ئەورووپاو تورکیاش سەربەخۆیی بە مافی رەوای کورد دەزانێ و کەرکووک بە دڵی پێشمەرگە و دڵی کوردستان. راشکاوانە دژی پەلاماری سەربازی تورکیا بۆ سەر پ. ک. ک دەوەستێ. ئەمرۆ بارزانی لە دیدی ئەمریکا و ئەورووپادا پریزیدێنتێکی کوردە. جیهان حەسێبی لەسەر دەکات. هومیدی گەورەی رۆژ هەڵاتی ناوێنە. کۆڵەکەی هاوسەنگی سیاسی یە لە عێراقدا و کلیلی ئاشتی و دیمۆکراسی رۆژ هەڵاتێ ناوە راستیش لە دەستی ئەو دایە. هەر ئەویش بوو، بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا کوردیناتۆری بەسەر ئەمریکادا سپاند. ئەمرۆ شیعەی عێراق وەکوو کورد سەرۆک بارزانییان خۆش دەوێ و هەر ئەویش بە هاوپەیمانی راستە قینەی خۆیان دەزانن. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەرێتەوە یەکەم. هاومێژوویی خەباتی کورد و شیعە و دووەم نەفرەتی کوردی عێراق لە عەرەبی سوننە. سەرۆک بارزانی ئاکارگرایانە لەگەڵ هەموو جیهان مامەڵە دەکات. ئەگەر بارزانی پێغەمبەرێکی درۆینە، ئاخۆ دەبێ ئەتا تۆرک و سەدام پێغەمبەرانی راستە قینە بن؟! لە کوتاییدا هیوادارم کارەکەی ئاغای دەربەندی لە رووی نائاگاهی یان تووڕە بوونی دڵسۆزانەوە بووبێ.

***

مەرۆ لقە! جێم مەهێڵە/ دەشتی سەوزی باوانی خۆت/ بە ئاموور و نێری بێگانە مەکێڵە!/ مێژوو حوکمت لە سەر ئەدا/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.